# ناونیشانی (وتاری هەینی)

| | | |
|---|---|---|
| 19/ صفر/1441هـ | 2019-10-18م | ٢٦/رەزبەر/٢٧١٩ك |

# ستـــەم و عـــاقیبەتی ستـــەمکاران

خوای گەورە دەفەرمویّت: (لَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا بِالْبَيِّنَاتِ وَأَنْزَلْنَا مَعَهُمُ الْكِتَابَ وَالْمِيزَانَ لِيَقُومَ النَّاسُ بِالْقِسْطِ)، واتە: ئێمە پێغەمبەرانمان ناردون بەبەڵگەو موعجیزەی ئاشکراوە هەروەها کتابیشمان بۆ ناردون هەروەك تەرازوشمان بۆ داناون، ئەمانە هەمووی بۆ ئەوەی بە دادپەروەری و دوور لە ستەم خەڵك ببەن بەڕێوە.

واتە ئامانجی سەرەکی لەناردنی پێغەمبەران دوای خواپەرستیەکی دوور لە شیرك دادپەروەری و ستەم نەکردنە لە خەڵك.

بۆیە زۆر جێگەی داخە خەلکێك هەبێت و پێی وابێت موسولمانە و ئیدیعای شوێن کەوتەی پێغەمبەران بکات کەچی دەستی بچێتە ستەم کردن جا لە خەڵکی خۆی بێت یان لە گەلانی تر.

ئەوەی لە بەشێك لە جیهانی ئیسلامی بە گشتی و ستەمی ولاتی تورکیا بەرامبەر کوردانی ڕۆژئاوا بەتایبەتی دەبینین ڕێك پێچەوانەی فەرمانی خوداو پەیامی پێغەمبەرانە، چونکە ئەمە خودایە لە ڕێگەی فەرمودەی قودسیەوە دەفەرمویّت: (يَا عِبَادِي إِنِّي حَرَّمْتُ الظُّلْمَ عَلَى نَفْسِي وَجَعَلْتُهُ بَيْنَكُمْ مُحَرَّمًا فَلَا تَظَالَمُوا)، واتە: ئەی بەندەکانم من ستەمم لەسەر خۆم حەرامکردوە لە ئێوەشم حەرامکردوە ستەم لە یەکتر مەکەن.

بەڕێزان خوای گەورە دەفەرمویّت (فمن يعمل مثقال ذرة شرا يره) واتە تۆزقالێك بزر نابێت ئەی ئەگەر کار بگاتە ئەوەی خەلکی ولاتێکی تر کۆمەڵکوژ بکەیتو وەکو باران چەکی قورسیان بەسەر دابباریّنیت و خاکیان داگیر بکەیت ئەمە دەبێت چ گوناهێکی گەورە بێت، مەگەر پێغەمبەر نافەرمویّت: (من إقتطع أرضا ظلما لقي الله وهو عليه غضبان) رواه مسلم. ئەبێت چ زوڵمێك لەوە گەورەتر بێت کە تورکیا دەیەوێت کوردانی ڕۆژئاوا کۆمەلکوژ بکات و ڕۆژئاواش دا گیر بکات ؟

دەیان ئایەت وفەرمودەمان هەن هەڕەشە لە زالم و ستەمکاران دەکەن لەوانە:

خوای گەورە دەفەرمویّت:( إِنَّمَا السَّبِيلُ عَلَى الَّذِينَ يَظْلِمُونَ النَّاسَ وَيَبْغُونَ فِي الْأَرْضِ بِغَيْرِ الْحَقِّ أُولَئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ).

یان دەفەرمویّت: (أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَاتَلُونَ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُوا وَإِنَّ اللَّهَ عَلَى نَصْرِهِمْ لَقَدِيرٌ )، ( هل يهلك الا القوم الظالمون ).

هەروەك پێغەمبەر دەفەرمویّت: (صِنْفَانِ مِنْ أُمَّتِي لَا تَنَالُهُمَا شَفَاعَتِي: سُلْطَانٌ غَشُومٌ ظَالِمٌ، وَغَالٍ فِي الدِّينِ).

وە دەفەرمویّت: (مَا مِنْ أَمِيرِ عَشَرَةٍ إِلَّا يُؤْتَى بِهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ مَغْلُولًا لَا يَفُكُّهُ مِنْ ذَلِكَ الْغُلِّ إِلَّا الْعَدْلُ).

موسڵمانان: دەبێ دڵنیا بین لەوە کە ستەمو تەمەنی ستەمکاران بەردەوام نابێت، بەڵکو تەنها چەند زەمەنێکە خوای پەروەردگار تۆڕەیی خۆی دەردەخات، هەروەك پێغەمبەری خودا دەفەرموێ: (إِنَّ اللَّهَ لَيُمْلِي لِلظَّالِمِ حَتَّى إِذَا أَخَذَهُ لَمْ يُفْلِتْهُ › قَالَ: ثُمَّ قَرَأَ: "وَكَذَلِكَ أَخْذُ رَبِّكَ إِذَا أَخَذَ الْقُرَى وَهِيَ ظَالِمَةٌ إِنَّ أَخْذَهُ أَلِيمٌ شَدِيدٌ").

هەروەها پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێ: (مَنْ خَرَجَ عَلَى أُمَّتِي يَضْرِبُ بَرَّهَا وَفَاجِرَهَا لَا يَتَحَاشَى عَنْ مُؤْمِنِهَا وَلَا يَفِي لِأَهْلِ عَهْدِهَا فَلَيْسُوا مِنِّي وَلَسْتُ مِنْهُمْ)

هەر بۆیە خوای پەروەردگار دەرگای ئاسمانەکانی بەرووی ستەم لێکراو دەکاتەوەو بۆ داواکردنی لەناو بردنی ستەمکار هەروەك لە فەرموودەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) هاتووە: (اتَّقُوا دَعْوَةَ الْمَظْلُومِ فَإِنَّهُ لَيْسَ بَيْنَهَا وَبَيْنَ اللهِ حِجَابٌ). بەڵام لەناوبردنی زاڵم تەنها کاتی دەوێت، هەروەك پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێ: (ثَلَاثَةٌ لَا تُرَدُّ دَعْوَتُهُمْ) یەکێك لەوانە ( دَعْوَةُ الْمَظْلُومِ يَرْفَعُهَا اللَّهُ فَوْقَ الْغَمَامِ وَيَفْتَحُ لَهَا أَبْوَابَ السَّمَاءِ وَيَقُولُ الرَّبُّ: " وَعِزَّتِي لَأَنْصُرَنَّكِ وَلَوْ بَعْدَ حِينٍ").

زیاد لەمەش خوای گەورە نزای ستەم لێکراو قەبول دەکات ئەگەر ئەهلی خراپەش بیت چ جای خەڵکێکی موسڵمانی ستەم دیدەی وەك رۆژئاوای کوردستان، وەك لە فەرمودە هاتووە: (دَعْوَةُ الْمَظْلُومِ مُسْتَجَابَةٌ، وَإِنْ كَانَ فَاجِرًا فَفُجُورُهُ عَلَى نَفْسِهِ).

بۆیە لەکاتی روودانی زوڵمو ستەم پێویستە تەواوی موسڵمانان لە جیهانی ئیسلامیو سەرجەم مرۆڤایەتیش بەدیار شانۆی ستەمەکە دانەنیشنو چێژ لە دیمەنە تراژیدیو ناڵەو هەنسکی منداڵو لێقەوماوان وەرنەگرن، بەڵکو دەبێت رۆڵیان هەبێت " چ وەکو باوەڕدار چ وەکو موسڵمان" لە سەرخستنی ستەملێکراوانو بەگژداچوونەوەی ستەمکاران، هەروەك پێغەمبەر دەفەرموێت: (انْصُرْ أَخَاكَ ظَالِمًا أَوْ مَظْلُومًا ›، قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ، هَذَا نَنْصُرُهُ مَظْلُومًا، فَكَيْفَ نَنْصُرُهُ ظَالِمًا؟ قَالَ: ‹ تَأْخُذُ فَوْقَ يَدَيْهِ).

لە کۆتاییدا ئیبن تەیمیە وتەیەکی جوانی هەیە کە دەڵێت: "إن الله يقيم الدولة العادلة وان كانت كافرة، ولا يقيم الدولة الظالمة وان كانت مسلمة". هەروەك گوتراوە (الدنيا تدوم مع العدل والكفر ولا تدوم مع الظلم والاسلام) بۆیە ئێمە دڵنیاین لەخوای خۆمان کە کۆشکی ستەمکاران هەر دەروخێ ئەمرۆ بێت یان سبەی، وە میللەتی کوردیش بە مافە رەواکانی خۆی دەگات زوو بێ یان درەنگ، هەموومان نمونەی ستەمکارانی ناوچەکەمان بینی چیان بەسەرهات! سەدام چی نەما لەگەڵ گەلی کورد نەکات و چ چەکێکی لەگەڵمان تاقیکردەوە، ئایا ئەم گەلەی پی لەناو چوو؟

خودایە بۆ خاتری ناوە جوانەکان هەرچی ستەم لێکراوە سەری بخەیت و هەرچی زاڵمیشە لەناوی ببەیو دەرفەتی نەدەیت.